هەفتەی مەنسور حیکمەت لەشارەکانی لەندەن و مانچستەر بەرێوەبرا!

ڕۆژەکانی 22 و 2007/6/23 هەفتەی هاوریٚ مەنسور حیکمەت کەبریتی بوو لەڕێزگرتن لەژیانی پڕبەرهەم لەکارو تێکوشانی، لەشارەکانی لەندەن و مانچستەر بەئامادەبوونی هاوریان و دۆستانی حیزب بەرێوەبرا.

شاری لەندەن:

هەفتەی مەنسور حیکمەت بریتی بوو لەبەخێرهاتن و ناساندنی ئەم هەفتەیە لەلایەن ئاسۆ گۆران و بەدوایدا کورتەیەك لەژیان و خەبات و تێکۆشانی بێوچانی هاوریٚ مەنسور کە نوری بەشیر ئامادەی کردبوو پیشکەش کراو، پاشان زۆرێك لەئامادەبوان هەریەك باسی لەخاتراتەکانی خۆی لەگەل باس و کارو قسەو کارەکانی هاوریٚ مەنسور کرد کە جەوێکی پڕ لەشۆرو شەوق و بیرەوەری هەریەکێك لەو کەسانە کاتەکەی زۆر بەپێزو دەوڵەمەند کرد .

شاری مانچستەر:

ناساندنی ئەم هەفتەیەو بەخێرهاتنی ئامادەبوان بەرێوەبرا لەلایەن بورهان فەتاحەوەو پاشان ئەم باسانەی خوارەوە پێشکەشکران، مەنسور حیکمەت و مەسەلەی ژن لەلایەن سورمە حەمید، حیزب و تێکۆشانی حیزبی لەدیدگای مەنسور حیکمەتدا لەلایەن خەسرەو سایە و مەسەلەی کورد لەکوردستانی عێراق و ڕێگاچارەکەی لەدیدی مەنسور حیکمەتدا لەلایەن نوری بەشیر، بەدوایدا ئامادەبوان بەپرسیارەکانیان لەگۆشەی جۆراوجۆرەوە باسەکانیان بۆ ماوەیەکی زۆر دریژە پێدا.

هاوکات لەهەردوو شارەکە لەو پەیوەندەدا، بەشێك لەبابەت و باسەکانی هاوریٚ مەنسور حیکمەت بەشێوەی نامیلکە لەسەر مێزکتێب دانران و ئامادەبوان سودمەند بوون لەوبابەتانە.

تەشکیلاتی بەریتانیای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

2007/6/24